# کورتە باسێک

## لە ژیاننامەی زانا و پێشەوای پێشین

## ( مەسروقی کوڕی ئەجدەع)

ڕەحمەتی خوای لێبێت

نوسینی

**د.احمد فريد**

وەرگێڕانی

**م.عوثمان احمد**

ماڵپەڕی ئیمان وەن

www.iman1.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين،وصلى الله وسلم وبارك على سيّد الأنبياء وخاتم المرسلين نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .**

(مسروق)**ی کوڕی** (الأجدع)**ی هەمەدانی، قوتابی زۆرێك لەزانایانی صەحابە بووە وەك :** (ابن مسعود وعلي وعائشة)ﷺ**، پیاوێکی دونیا نەویستی خۆپارێز بووە (بەڕەحمەت بێت)، وە باشترین نمونەیە بۆ دەست پێکردنی ئەم زنجیرەیە.**

**ناوی:** (مسروق بن الأجدع الهمداني الوادعي) **أبو عائشەی کوفیە ، کوڕی** (الأجدع)**ی کوڕی** (أمية)**ی کوڕی** (عبد الله)**ی کوڕی** (مُـرّي) **کوڕی سلمانی (وتراوە:سلامان) کوڕی** (معمر)**ی کوڕی** (حارث)**ی کوڕی سعدی کوڕی** (عبد الله)**ی کوڕی** (وداعة)**یە.**

حافظ أبو بكر الخطيب **دەڵێت: دەڵێن بە منداڵی دزراوە دوای ئەوەی دۆزیانەوە ناوی (مەسروق)یان لێنا، وەباوکی موسڵمان بووە.**

**لەدایك بوونی: هیچ کەس لەوانەی کە ژیانامەیان باسکردووە "ئەوەی من بەردەستم کەوتووە" مێژووی لە دایك بوونیان باس نەکردووە، بەڵام دەڵێن لە ساڵی شەست و دوو یان شەست و سێ کۆچی دوایی کردووە، هارونی کوڕی حاتم لە** الفضل **کوڕی عمروە(کاتێك مرد تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو)، بەوەش ڕوون دەبێتەوە کە لەدایك بوونی ساڵی یەکەمی کۆچی یان ساڵێك پێش کۆچ بووە، خودا زاناترە.**

**مالکی کوڕی مغول دەڵێت: گوێم لە أبوسفر بوو چەند جار دەیگوت: هەمەدانیەکی وەك مەسروق لەدایك نەبووە.**

**وەعامر الشعبی دەڵێت: لە دونیادا کەس ناناسم بەقەد مەسروق عەودالی زانست و زانیاری بێت.**

**وە منصوری کوڕی إبراهیم دەڵێت: هاوەڵەکانی عبدالله کە قورئان و سوننەتیان فێری خەڵك دەکرد ئەمانە بوون:** علقمة والأسود وعبيدة ومسروق و حارثي **کوڕی** قيس و عمرو **کوڕی** شرحبيل.

الشعبي دەڵێت: کاتێك (عبیدالله) ی کوڕی زیاد بوو بەکاربەدەستی کوفە ووتی: کێ لێرە باشترین و بەڕێزترین کەسە؟ وتیان: مەسروقە.

وە ابن المدیني دەڵێت: هیچ کەس لە مەسروق بە چاك تر نازانم ، لەوانەی لەدوایی أبوبکرەوە نوێژیان کردووە.

احمدی کوڕی حنبل دەڵێت: ابن عیینە گوتی: لە دوایی علقمە، مەسروق ماوە فضلي کەسی تری بەسەردا نادەم.

وە ابن أبجر لە الشعبي ەوە ووتی: مەسروق لە شریح زاناتر بوو بەفەتوادان، وە شریح ڕاوێژی بە مەسروق دەکرد.

وە یحی کوڕی معین دەڵێت: مەسروق (ثقة)یە، لە هاوشێوەی ئەو پرسیار ناکرێت .

وە ابن سعد دەڵێت: ثقةیە، و فەرموودەی صحیی هەیە.

العجیلي دەڵێت: تابعیەکی ثقةیە، وە یەکێك بووە لە قوتابییەکانی عبدالله کە قورئانی فێری خەڵك کردووە و فەتوای داوە، وە ئەوەندە نوێژی دەکرد و دەمایەوە تا پێیەکانی دەئاوسان.

وە ابونعیم دەڵێت: زانا بوو بە پەروەردگاری، وهۆگری خۆشەویستی خودا بوو، وە لەزانستدا ڕۆچوو بوو، وە کەسێکی باوەڕ پێکراو بوو، وە بۆ پەرستش شەیدا و تامەزرۆ بوو.

وە مجالد لە الشعبي لە مەسروقەوە دەڵێت: عائشە فەرمووی: تۆ کوڕی منی، وە لە هەموویان خۆشەویستری، ئایە زانیاریت دەربارەی فەرموودەی (المخدج) هەیە کەباس لەخەوارجەکان دەکات.

## پەرستشی ( بەرەحمەت بێت ):

لە ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: مسروق پەرژینێکی لە نێوان خۆی و خێزانەکەی دروست دەکرد، دەستی بەنوێژ کردن دەکرد، ئەوانی بەدونیای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت.

وه أنسی کوڕی سیرین له ژنەکەی مسروقەوه ئەگێڕێتەوه دەڵێت: مسروق نوێژی دەکرد هەتا پێیەکانی دەئاوسان، منیش لەپشتییەوه دادەنیشتم دەگریام، کە ئەم بینی چی بەخۆی ئەکات.

وه فطری کوڕی خلیفه له الشعبی وه دەڵێت: ڕۆژێکی هاوینی زۆر گەرم مەسروقی کوڕی الأجدع بەڕۆژوو بوو بورایەوه"عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ بەکوڕی خۆی دایئەنا و ناوی ئەبرد" لەبەر ئەوه کچەکەی ناولێنا عائیشه، وه له هیچ شتێکدا دڵی نەئەشکاند، چوو بۆلای پێی ووت: باوکه ڕۆژوەکەت بشکێنەو ئاو بخۆرەوه، ووتی: چیت ئەوێت کچم، ووتی:بەزەیت بەخۆتدا بێتەوه، ووتی کچم: بەزەییم بەنەفسی خۆم لەڕۆژێکدا دێتەوه کە پەنجا هەزار ساڵ درێژه.

وه أبو إسحاق دەڵێت: مەسروق حەجی کرد وبەردەوام له کڕنۆشدا مایەوه و ئەو ماوەی بەسەربرد.

ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: خالدی کوڕی عبدالله ی کوڕی أسید فەرمانڕەوای بەصره سی هەزاری بەدیاری بۆ مەسروقی مامم نارد، لێی وەرنەگرت، لەو کاتەشدا زۆر نەدار بوو. أبوإسحاق السبیعی دەڵێت: مەسروق کچەکەی له سائبی کوڕی الأقرع مارەکرد بە دەهەزار کە ئەو پارەی وەرگرت بەخشی بەتێکۆشەرانی ڕێگەی خودا و هەژار و کەم دەست و نەدارەکان.

الأعمش له أبو الضحی وه دەگێڕێتەوه دەڵێت: مەسروق کاتێك خۆی بۆ نوێژ ئامادە دەکرد وەك له خەڵوەتدا بێت وابوو، وه بەکەخێزانەی دەگووت: هەرچیتان هەیە بیهێنن بۆمی باس بکەن پێش ئەوەی هەستم بۆ نوێژ.

## هەڵوێستی لەبارەی فیتنەو ئاشووب و ناتەبایی یەوه:

الشعبیی دەڵێت: ئەگەر بە مەسروقیان بگوتایە لەسەرخستنی جەنگەکان لەگەڵ علی دا نەبووی و هاوکاریت نەکردووه، خۆی لەو باسه دەدزیەوەو، دەیگووت: تو خودا پێم بڵێن کاتێك ئێوه سەنگەرتان لەیەك گرت، وه چەکتان لەدژی یەك هەڵگرت، وەیەکترتان

کوشت، دەرگایەك لەئاسمانەوە کرایەوە و ئێوە سەیری بکەن، فریشتەیەك دابەزێت تا دێتە نێوان هەردوو سەنگەرەکە بفەرمووێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ [النساء 29] .

واتە: ئەی ئەوانەی وا باوەڕتان هێناوە ماڵی یەکتر بەناڕەوا مەخۆن مەگەر بەبازرگانی و ڕەزامەندی یەکتر نەبێت، وە خۆتان مەکوژن بەڕاستی خودای پەروەردگار بەبەزەییە بەرامبەر ئێوە، ئایە ئەوە ئەبێتە بەربەست لەوەی کەدەستان نەچێتە خوێنی یەکتر، ووتیان: بەڵێ، ووتی: سوێند بەخودا، پەروەردگار دەرگایەکی لە ئاسمانەوە کردوەتەوە، لەو دەرگایەشەوە فریشتەیەکی بەرز و بەڕێز دابەزیوەتەوە سەر پێغەمبەرەکەتان ﷺ ئەوەش یەکێکە لەئایەتە ڕونەکانی قورئان، وە هیچ شتێك نەیسڕیوەتەوە.

الذهبي دەڵێت: وکیع دەڵێت: مسروق و الأسود والربيع ابن خثيم وابو عبدالرحمن السلمى لە دەرچوون لەگەڵ سوپای ئیمامی علی دەرنەچوون، وە دەڵێن لە صفین ئامادە بووە وئامۆژگاری کردووە و خەڵکی ترساندووە، شەڕی نەکردووە، وە دەڵێن ئامادەی جەنگی حروریەکان بووە لەگەڵ علی دا، دواتر داوای لێخۆش بوونی کردووە لەو دواکەوتنەی لە سوپاکەی ئیمامی علی، وە دەڵێن گۆڕەکەی لە سلسلەیە لە واسط .

## دونیا نەویستی و خۆنەویستی (بەڕەحمەت بێت):

ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر لە باوکییەوە ئەویش لەمەسرقەوە دەگێڕێتەوە: کە لەسەر قەزاوەتکردن هیچ پاداشتی و بەرامبەرێکی وەرنەدەگرد، لەبەر ڕۆشنای ئەم ئایەتە:

﴿إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ ﴾ [ سورة التوبة 111].

واتە: خوا ماڵ و نەفسی ئیماندارانی کڕیوە لە پاداشتیان بەهەشتیان دەداتێ.

الأعمش لە أبو الضحى وە دەڵێت: مەسروق بوو بە کاربەدەستی السلسلة دوای دوو ساڵ گەڕایەوە، کەس وکارەکەی هەگبەکەی گەڕان سەرە تەورێکی بێ داریان تێدا دۆزیەوە، وتیان دوو ساڵە خۆت وون کردووە و ڕۆیشتووی سەرە تەورێکی بێ دارت بۆ هێناوین،

ووتــی: ئێمــه لەبــەر خــودا ئــەوەمان بــە ئەمانــەت هێنــا بــوو، بــەڵام لــەبیرمان چــوو بیگەڕێنینەوە.

ابوالضحى دەڵێت: پرسیاری دێڕە شیعرێکیان لە مەسروق کرد ووتـی: پـێم ناخۆشـە لـە نێو نامەی کردەوەکانمدا شیعری تیادا بێت.

ئیبراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتـشر دەڵێـت: هـەموو هەینییـەك مەسـروق سـواری قاترەکەی دەبوو منیشی لـە پـشت خۆیـەوە سـوار دەکـرد، دەچـووە شـوێنی حەوانـەی خەڵك دەیگووت: دونیا لە ژێرماندایە.

حمزەی کوڕی عبدالله ی کوڕی عتبەی کوڕی مسعود دەڵێت: پێیان ڕاگەیاندم کە مەسروق دەستی برازایەکی خۆی گـرت بردییـە شـوێنی حەوانەوەیـەك لـە کوفـە، ووتـی: دونیاتان پیْ پیشان بدەم، ئەوە دونیایە خواردیان و لە ناویـان بـرد، وە لەبـەریان کـردو ڕزی لەبەریاندا، وە سواری بوون و لە کارکەوت، وە خوێنیان تیدا ڕشت، وە شتە حـەرام کراوەکانیان حەڵاڵ کردوو، وە ئەرکی خزم ودۆستانیشیان تیادا بەجیْ نەهێنا.

## شێخ ومامۆستا و قوتابیەکانی:

**شێخەکانی**: المزي دەڵێت: لە أُبي کوڕی کعب و خبابی کوڕی الأرت و زیدی کوڕی ثابت و ابن عمر و عبداللەی کوڕی عمرو کوڕی العاص و ابن مسعود و عبيد بن عمـــير الليثـــي کـە هاوتايەتی و عثمان کوڕی عفان و علی کـوڕی أبوطالب و عمـری کـوڕی خطاب و معـــاذی کوڕی جبل و معقلی کوڕی سنان الاشـجعی و مغـیری کـوڕی شعبە و ابـوبکری الـصدیق و سـبیعەی الأســـلمية و عائـشە و ام سـلمەی خێزانـی پێغەمبـەری خـوداﷺ فـەرموودەی ڕیوایەت کردووە.

### قوتابیەکانی:

المزي دەڵێت: ابراهمی النخعی وانسی کوڕی سـیرین وأیـوبی کـوڕی هـانی وحبلـی کـوڕی رفیدەو ابو وائل شقیقی کوڕی سلمە وعامر الـشعبیی وعبداللـەی کـوڕی مـــرةی الخـارقی وعبدالرحمن کوڕی عبداللەی کوڕی مسعود وعبیدی کوڕی نضله، وەعمـارەی کـوڕی عمـیر والقاسمی کوڕی المنتشری کوڕی الاجـدع ومحمـدی کـوڕی نـشری الهمـدانی وأبوالـــضحى

مسلمی کوڕی صبیح و مکحولی الشامی ویحیی کوڕی الجزار و یحیـی کـوڕی وثابت وابـــو الآحوص الجشمی وأبو اسحاقی السبیعی و أبوالشعسائی المحاربی وخێزانەکەی قمیر کچی عمرو فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە.

## لە کردار و گوفتارەکانی:

مسلم لە مەسروق دەگێڕێتەوە دەڵێت: بەسە بۆ مرۆڤ ئەوەندە زانا بێت بەو زاناییەی لـە خودا بترسێت، وە نەزانە ئەو کەسەی بەکردەوەی خۆی بایی دەبێت.

ابو الضحی دەڵێـت: مـسروق کـارێکی بـۆ کەسـێك ئاسـان کـرد و بـۆی ڕاپەڕانـد، ئـەویش لەپاداشـتدا کـەنیزەکێکی بـەدیاری بـۆ نـارد، تـوڕە بـوو ووتـی: ئەگـەر بم زانایـە ئەمـە لەدەرونتایە لـەو ئیشەی تـۆ قـسەم نـەدەکردوو، ئەوەشـی کـەماوە ئیـدی قـسەی تیـادا ناکەم، گویم لە عبداللەی کوڕی مسعود بوو دەیگوت: ئەوەی بەکارێك هەسـتێت مـافێکی زەوت کراو بگەڕێنێتەوە یان ستەمێك لەسەر خەڵك لاببات، لە باتی ئەو کـارە دیارییـەکی بۆ ببەن و قەبوڵی بکات، ئەوە (السحت)ە، پێیان گووت: ئێمە سحت تـەنها بـەو دیـاری و پارەیە دەڵێین کە لەباتی حوکم دانێکدا وەردەگیرێـت، ووتـی: وەرگرتنـی دیـاری لـەباتی حوکمدان کوفرە.

الشعبی دەڵێت مەسروق ووتی: ئەگەر قەزاوەت بکەم لەکارێکدا و ڕاستی بپێکم، باشترە لەلام لە ساڵێك تێکۆشان لە پێناوی خودا.

ابراهیمی کوڕی محمدی کـوڕی المنتـشر دەڵێـت: مەسـروق دەیگـوت: هـیچ شـتێك بـۆ باوەڕدار باشتر نییە لە ئەلحەدێك کەتیایدا لە غـەم و پـەژارەی دونیـا ڕزگـاری ببێـت، وە تیایدا پارێزراویش بێت لە سزاری خودا.

وە مسلم لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتێك زۆر پـشت و پـەنام بـە خـودا بـەتین بەهێزتر دەبێت کە خزمەتکارەکەم پێم بڵێت هیچ گەنم و پارەمان لە ماڵدا نییە.

هلالی کوڕی یساف دەڵێت: مەسـروق ووتـی: ئـەوەی حـەز دەکـات زانـستی پێـشینان و پاشینان و دونیا و دواڕۆژ فێربێـت بـا سـورەتی الواقعـــة بخوێنێتـەوە، الـــذهبی دەڵێـت: مەسروق ئەمەی وەکو مبالغەیەك وتووە، لەبەر گـەورەیی ئـەو ڕسـتانەی لـەو سـورەتەدا

هاتووه، وه ماناى ئەوەى دەڵێت با سورەتى واقعه بخوێنێتەوه ئەوەیە: بیخوێنێتەوه به تێفکرین و تێڕامان و ئامادەى دڵ و دەرون نـەك وەك ئـەو گوێدرێـژەى هەرچـى بەسـەردا بدەیت هەڵى دەگرێت.

**کۆچى دوایى:**

شقیق دەڵێت: مەسروق دوو ساڵ له السلـــسة بـوو، نوێژەکانى بـه دوو رکـات دەکـرد، دەیویست سوننەت پیادە بکات.

الاعمش دەڵێت: شقیق ووتى: به مەسروقم ووت: چى واى لێ کردیت ئـەو کـارە ئـەنجام بدەیت (مەبەستى قەزاوەتکردن بـوو): ووتـى: سـێ کـەس وازیـان لـێ نـەهێنام: زیـاد و، شریح، و شەیتان، هەتا گیرۆدەیان کردم.

ابو وائل دەڵێت: کاتێـك مەسـروق لەسـەرە مەرگدا بـوو ئـەیووت: خودایـه مـەم مرێنـه لەسەر کارێك که سوننەتى پێغەمبەرەکەتﷺ و ابوبکر و عمر نـەبێت، سـوێند بـه خـودا هیچ زێڕ و زیوم لاى خەڵك نییه، جگه له شمشێرەکەم نەبێت بیفرۆشن بەپارەکـەى کفنم بۆ بکرن.

سفیانى کوڕى عیینه ویحیى کوڕى بکیر و ابن سعد و ابن نمـیر دەڵـێن: مەسـروق سـاڵى شەست و سێ کۆچى دوایى کردووە، بەڵام ابونعیم دەڵێـت: سـاڵى شەسـت و دوو کۆچـى دوایى کردووە بەڕەحمەت بێت.

**سەرچاوەکان**

1- تهذیب الکمال، لجمال الدین المزي، ط. دار الفکر.
2- تاریخ بغداد، للخطیب البغدادي، ط.دار الکتب العلمیة.
3- سیر أعلام النبلاء، للذهبي، ط.الرسالة.
4- طبقات أبن سعد، لمحمد بن سعد، ط. صادر.
5- حلیة الأولیاء، لأبي نعیم الاصبهاني، ط. مکتبة السعادة.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلِه وَصحبِه وسلم.**

ماڵپەڕى ئیمان وەن
www.iman1.com